Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.04 21:54:54 +01'00'

# مامجەلال پێشوازی لە زەکەریا کرد

هێڤار سنجاوی

کوردستانی خۆمان جارێکی تر کەوتەوە بەردەم دووڕیانی هات و نەهات. دوای دوازدە ساڵ لە ئەزموونی سەربەخۆیی (بەناو فیدرالی) ئێستا دەنگۆی ئەوە داکەوتووە کە پۆل بریمەر رازی نییە بەفیدرالی جوگرافیی نەتەوەیی و، دەیەوێ فیدرالیەتی پارێزگاکانمان بەسەردا بسەپێنێ. بریمەر بەرێوەبەری سیاسەتی وڵات و گەلی خۆیەتی لە عێراق. بۆیە جێی گلەیی نییە چۆن بیر بکاتەوە یان چ ڕەفتارێک بکات.

بەڵام زۆر جێی گلەییە مامجەلال ئەو بەرهەمە گەورەیەی لە شەوی (١٥)ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٣دا هەرزانفرۆش کرد و، دەمی هەمووومانی کرد بەتەڵەی تەقیو. لەبیرمانە لە(٤)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ کە پەرلەمانی کوردستان بەتەواوی ئەندامانی خۆی و ئامادەبوونی کاک مەسعوود و مامجەلال و ئامادەبوونی دایکە میتران کۆبوونەوەی خۆی سازدا، جارێکی تر داوای فیدرالی دووپات کرایەوە. دوای ئەمە ڕەشنووسی دەستوورێک بۆ عێراقی داهاتوو و ڕەشنووسی دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستانی فیدراڵ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا.

فیدرالیەت بڕیارێکی نەتەوەیی کورد بووە و دوازدە ساڵە زوڕنای بۆ دەژەنین. فیدرالیەت خەون و هیوای دایکی شەهیدان بوو. بەداخەوە (مامە) ئەم شەرعیەتە گەورەیەی (لەپێ کرد) و ئیمزای لەسەر شتێک کرد کە بوو بەهۆی (هەناسەساردیمان).

ئێستا هەموو کورد نیگەرانن. کاک مەسعوود بارزانی پەردەی لەسەر ئەم نیگەرانییە لادا و گوتی: ئەگەر فیدرالیەتەکەمان پەسند نەکرێ ڕێگەیەکی تر دەگرینەبەر. (دیارە مەبەستی بارزانی سەربەخۆییە).

ئیمزای مامجەلال لە ٢٠٠٣/١١/١٥ شادی و بزەی لەسەر لێوی گەلی کورد تاراند و ڕەنجەکانی بەبا کردین. دایکە شەهیدەکان جگەرگۆشەکانیان هاتەوە خەون. منداڵە باوک نەدیوەکان هەناسەیەکی ساردیان هەڵکێشایەوە. ڕۆشنبیر و نووسەران دەستیان ساردبوو لە نووسینەوی بەسەرهاتەکانی هەڵەبجە و بادینان و سێوسێنان و شێخ وەسان. ئەنفالەکان و گۆڕستانە بەکۆمەڵەکان وەک مێردەزمە و کابووس چۆکیان دادایەوە سەر سنگمان. دڵی هەموومان ڕەشی پۆشی و زەردەخەنەی هیوامان مردار بووەوە.

هەر تەنیا خۆی نەبێ. نە بای دیوە و نە باران، بەبۆنەی ساڵی نوێوە پێشوازیی لە زەکەریا کرد و، پێکەنینە هەرزانەکانی دابەش کردەوە. ناوکت کەوێ زەکەریا، کوڕە دەنگ خۆشەکەی شاری قەڵا و منارە! نەدەبوو سەری لێ بدەی و ئەو دەستە بگوشی کە ئیمزاکەی (١٥) تشرینی ٢٠٠٣ی کرد و ڕەنجی چەند ساڵەمانی بەبا کرد.

hevarj966@yahoo.com